# بریتانیا...




**رووبەر:- ٢٤٤/١٠٠کم٢**
**ژمارەی دانیشتووانی: ٥٨ ملیۆن کەس.**
**زمان: ئنگلیزی**
**ئایین: کریستیان.. زۆربەی پروتیستانت و کەمێکی کاسولیکن.**
**پایتەخت: لەندەن، کە ژمارەی دانیشتووانی حەوت ملیۆنە.**
**پارەی: پاوەن، کە لە دۆلارێک زیاترە.**
**سیستەمی دەستەلاتداری: شاهنشاهی، پەرلەمانی.**
**شارە گرنگەکانی: لەندەن، بەلفاست، لیدز، نیوکاسل، پەرمەنگەهام، مانجستەر، پۆرتسموپ، ئێکسفورد و کەمبرج.**

ناوی رەسمی شاهنشین یەکگرتووی بریتانیاو ئیرلەندای باکۆرە.
ئێنگلستان دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئەورۆپا لە چوار دەولەتی یەکگرتوو ئێنگلستان، ئیرلەندای باکوور، سکوتلەندا و وێلز پێك دێت.
لە ئینگلستان شۆرشی پیشەسازی دەستی پێکردووە و سەردەمێکیش ئەم وولاتە گەورەترین ئیمپراتۆریای جیهان بووە.
ئینگلستان لە دوو دوورگەی مەزن و هەزاران دوورگەی بچووك پێك دێت.
ئینگلستان وولاتێکی پێشکەوتووە لە بواری پیشەسازیدا و پاش ئەمریکا، ژاپۆن، ئەلمانیاو فرەنسا بە پێنجەمین وولاتی پیشەسازی دەژمێررێت.











ئینگلستان له بواری کشتوکاڵدا وولاَتێکی پێشکه‌وتووه و به چاندنی گه‌نم، جۆ، په‌تاته‌و سه‌وزایی و میوه به ناوبانگه. هه‌روه‌ها به به‌خێوکردنی مه‌ڕوماڵات و گاو مانگا به‌ناوبانگه.

له بواری راگه‌یاندنیش دا ئینگلستان وولاَتێکی ناوداره و ئێزگه‌ی ( B.B.C بی بی سی) له هه‌موو جیهاندا ناوداره. هه‌روه‌ها سه‌د رۆژنامه‌ی رۆژانه له‌م وولاَته‌دا ده‌رده‌چێت.

مۆزه‌خانه‌کانی ئینگلستان ناودارترین مۆزه‌خانه‌ی جیهانن و ساڵانه به ملیۆنان گه‌شتیار سه‌ردانی ئینگلستان ده‌که‌ن.

له ئینگلستان ٤٥ زانکۆ هه‌یه گرنگترینیان زانکۆکانی ئێکسفورد و کامبریج و له‌نده‌ن که به هه‌زاران قوتابی بیانی لێی ده‌خوێنن.



